# بەهارو زامێکی بەسوێ

**مەجید دڵنیا**

1988-4-1

(لەکاتێکدا، 18ساڵ بەسەر کارەساتی هەڵەبجەدا تێدەپەڕێت، کەچی لە سایەی 15ساڵەی دەسەڵاتی کوردیدا، هەڵەبجە هێشتا وێرانەیە و بەرپرسانی کورد تەنیا لەیادی ئەو کارەساتەدا هەڵەبجەیان لە بیرە)

ئەڵێن بەهار
هەواڵی ساڵێکی نوێیە
گەلێک مژدەی خۆشی پێیە
ئەڵێن بەهار
جەژنی گیاو گوڵ وگوڵزارە
جەژنی هەموو درەختانە
دڵدارەکان
دەست لەناودەست
چاوەروانن خۆشبەختانە
ئەڵێن بەهار
کەش لەبارە
خەڵکی هەموو لەسەیرانە
منداڵەکان پەتک دێنن
لەژێر سێبەری دارەکان
ئەیکەنە بەزمی جۆلانە
ئەم بەهارە
لەسەر وڵاتی بەفرو خوێن
مژدەی جەنگێکی پڕ بەخوێنی
هەڵڕێژا
هیوای بەرزی ئاسۆی دووری

پێمان نێژا
بەهار لامان
چلەی زستانێکی سەختە
ڕێبەندانە، سایەقەیە، پڕبەشەختە
کزەی دوای بەفر بارینە
سووری چاوی بەئەسرینە
ئەم بەهارە، کوردستانمان
خاوەن زامێکی بەسوێیە
کوا خاوەن مافی مرۆڤ و
بڕیاری یاساغکردنی
ستەمترین چەکی جەنگی
لەگوێی کام گادا نووستووەو
لەکام جێیە؟
ئەم بەهارە
چەندان گوندو شار وێران بوو
مژدەی بەهار
لەناوچوونی
هەزاران بەچکە شێران بوو
منداڵانمان
بەهاواری دایە، دایە
پەساپۆرتی شەهیدبوونیان
لەدەست دایە
ئەم بەهارە
پشکۆی گوللە
شەوەزەنگی کوردستانی گەشاندەوە
هەزاران ناسۆروزامی

لەسەر دڵی
دایکێکی ڕۆڵە کوژراوا
ژنی فرمێسک لەچاوا
بووژاندەوە
ئەم بەهارە
ئاگروسەم جەژنانەیە
کەل وپەلی مناڵمانە
هاژەهاژی گوللە تۆپیش
تەپڵ ومۆسیقایماڵمانە
ئەم باهارە
چاوی کوردستانی مەزن
گۆمی خوێنی تیاتێزاوە
سەدان لاشە
هەزاران دەست
هەزاران قاچ
وەک کۆڵەوژ، بە کیمیایی سوتێنراوە
ئەم بەهارە
نەک تەنیا کورد
گیاندارەکانیش ڕاودەکرێن
چەپکە لاشە
بۆ دۆزەخی مەرگ دەبرێن
ئەم بەهارە
نسارو دەشت وکێوەکان پرسەبارن
باڵندەکان ناچریکێنن
درەختەکان گەڵا ناکەن
گوڵە گاگەرۆو نیسانیش

هەناوڕەشن
بۆ مرۆڤی گەروو ژەهراوی بێتاوان
سەر لەهەشن
ئەی خەڵکینە
ئێوە ڕۆڵەی میللەتێکی بێ دەوڵەتن
تەنیا گوناهتان کورد بوونە
مەرگی ئێوە وانەیەکە
مایەی پەندو بیرنەچوونە